



# بەلوچستان، پرسێکی قوڵی نەتەوەیی

ناسر بەلدەیی

کێشمەکێشەکانی ئەمدواییەی بەلوچستان، جارێکیتر قولاێی پرسی بەلوچی پیشاندایەوە. ئەم پرسە بەردەوام ئەو پەیامە بلاۆدەکاتەوە کە چارەسەرنەکردنی پرسە نەتەوەییەکانی ناو ئێران، مەترسی گەورە دەهێننەکایەوە.

پرسی بەلوچستان ئەوە دەردەخات کە لە ئێران سیستەمی سیاسی باو ئیتر توانای چارەسەرکردنی پرسەکانی نییەو بەبنبەست گەیشتوە. ئەوەش ئەنجامەکەیەتی کە دەسەلاتێکی نیشتمانی هاوبەش تاقە وەلامی پرسەکانە. پێویستە سیناریۆی سەروەری نەتەوەیی گەشەی پێبدرێت. سیستەمی خوازراویش ئەوەیە کە دەسەلاتێکی لیبراڵی دیموکرات بە پەیکەرو سترەکچەرێکی فیدراڵەوە بێتەکایەوە.

پێویستە گەلی بەلوچ لە سەرزەمینی خۆیدا خاوەن دەسەلات بێت. ئەمەش بەپێی ماف‌و ئەرکی هاوبەشەوە دێتەدی.

### دەرگیرییەکانی ئەم دواییە

دەرگیریەکانی ئەم دواییەی بەلوچستان سەرلەنوێ سەرنجەکانی بەلای ئەو بزوتنەوەیەدا راکێشاوە. ئەمەش زەمینەی لێکۆڵینەوەی لە پێکهات، خواست‌و

مەوداکانی ئـەم بزاڤـەی رەخسـاندوە. دیـارە حکومـەت، سانسـۆرێکی تونـدی خستۆتەسەر بەلوچستان، بۆیـە دەستخسـتنی زانیـاری ورد لەسـەر ئـەم بزاڤـە ئەوەندە ئاسان نییە.

تاران لەرێی میدیاکانیەوە بەردەوام هـەوڵی ناوزڕانـدنی بزاڤـی بەلوچسـتان دەدات. هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات کە ئەم بزوتنەوەیـە بـە داردەسـتی وڵاتـانی دراوسێ لەقەڵەم بدات. سەرباری ئەمەش لە هەوڵێکیتریدا تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی وێنەی ئـەم بزوتنەوەیـە وەك بزوتنـەوی تاڵیبـان پیشـانبدات. واتـە وێنەسـازی گروپێکی توندڕەوی فیرقەگەرای لێدروست دەکات.

دیارە تاوانبارکردنی بێواتا ناتوانێ لە پەیامەکانی ئەم تەڤگەڕە کەمبکاتەوە. ئەوەی هەیە ئەمەیە کە بزوتنەوەی بەلوچ بزوتنەوەیەکی قـوڵی خـاوەن پێگـەی کۆمەڵایەتیە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە لایەنـەکانی جیۆپۆلیتیـك، کۆمەڵایـەتی — ئابوری‌و خواستە نەتەوەییەکانی خەڵکەکەی بەئەرکێکی بەپەلە دەزانرێت.

**رێچارەسەر:**

## دەسەڵاتێکی فیدراڵە کە گەرەنتی پاراستنی سەروەری‌و شوناسنامەی گەلان دەکات

بێگومان بزاڤی خەڵکی بـەلوچ بزاڤێکـی نەتەوەییـە. ئـەم بزاڤـە خوازیـاری هاوبەشـیکردنە لـە دەسـەڵاتی ئێـران. پاراسـتنی شوناسـنامەی میللـی‌و بەدەسهێنانی مافە کۆمەڵایەتی‌و ئابوریـەکان لـە ئێرانێکـی فیـدراڵ‌و لەسـەر بناغەی یەکسانی نەتەوەکانی داوایەکی مێژویی گەلی بەلوچستانە.

بەداخەوە حکومەت لە رای گشتی ئەم بزوتنەوەیە بە بزوتنەوەیـەکی تونـدڕەو تۆمەتبار دەکات. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات کـە قەڵاچـۆکردنی قاچاخچـیانی کەرەستە بەنگیەکان لەگەڵ روبەروبونەوەی تەڤگەڕی بەلوچ ئامێتە بکات.

دیـارە سـەختبونی بەدەسـتهێنانی هـەواڵ وای کـردوە کـە تارادەیـەك ئـەم پروپاگەندانە لای رای گشتی بچەسپێت. سەرباری ئەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ئەم تەڤگەڕە گەشەبکات. سەرباری ئەوەی تۆمەتبارکردنی تێکۆشـەرانی بـەلوچ بـە

قاچاخچی بەنگەمەنی کارئاسانی بۆ دەزگاکانی دادی حکومەت دەکات کە دەسبەجێ بێ دادگاییەکی راستەقینە لەداریان بدات، بەلاّم بەردەوامی ئەم قەیرانە بەرە-بەرە لای رای گشتی ناوەوە ئەم پرسیارە دەوروژێنێ کە ئایا دەزگاکانی میدیای رەسمی راستدەکەن یان نا؟

## بەلوچستان، جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوان

بەلوچستان، ناوچەیەکە لە باشوری خۆرهەلاّتی ئێراندایە. ئەم سەرزەمینە لەگەڵ ئەفغانستانو پاکستان سنوری هاوبەشی هەیە. دیارە ئەو ولاّتانەش رێژەیەکی بەرچاو بەلوچیان هەیە.

بەلوچستان لە باشوری خۆرهەلاّتی ئاسیادا هەلّکەوتوە کە لەگەڵ تەنگەبەری هورمزو تەنگەی بەندەری گواتر ( گوندێکی بچوکە کە لەنێوان ئێرانو پاکستاندا دابەشکراوە) هاومەرزە.

ئەم سەرزەمینەی ئاسیای ناوەڕاست بە ئۆقیانوسی هیندو دەریای عومانو کەنداوەوە دەبەستێتەوە. هەروەها لەروی جیۆپۆلیتیکەوە خاوەن تایبەتمەندیەکی گرنگە کە گەلێك دەولّەت چاوی تێبڕیوە.

بەپێی هەندێك لە ئامارەکان ژمارەی دانیشتوانی بەلوچستان نزیك بە چوار ملیۆن کەسێکە. هەرچەند سەرژمێرییەکی ورد لەئارادا نییە، بەلاّم ئەوەی هەیە کە ئەم ئامارە تارادەیەك راستی دەپێکێت.

بەلوچستانی خۆرئاوا دوای کێشەکێشێکی قورسو سەرەنجام تێکشکانی هێزەکانی بەرەنگاری بەلوچ لەسالّی ١٩٢٨دا بە ئێرانەوە لکێنرا. رژێمی پەهلەوی پەیکەرێکی دەولّەتی وای پێکەوەنا کە پشتی بە ناوەندگەراییەکی توند دەبەست.

ئەم ناوەندگەراییە لەروی شوناسنامەوە قالّی ئێرانگەرێتی دەکرد، بەلاّم ئەمەش پەیوەست بە بالاّدەستی زمانی پارسیو نەتەوەی پارسیەوە بو. بۆیە فارس وەك نەتەوەی ناوەند ئەرکی مێژویی پێکەوەنانی دەولّەتی لەئەستۆگرتبوو.

ئەمەش سیستەمێکی لێکەوتەوە کە زمانی فارسی، نەژادی فارس‌و مەزهەبی شیعەی تێدا بالاّدەست بون.

رژێمی پەهلەوی زەمینەیەکی قانونی وای هێنایە ئاراوە کە بەشێوەی سیستەماتیك هەولّی تواندنەوەی قەومەکان‌و یەکسانسازی شوناسنامە ئەتنیەکانی دەدا. ئەمەشی بەمیرات بۆ رژێمی دوای خۆی بەجێهێشت بۆ ئەوەی وەك پێکهاتێکی قانونی‌و زەینی درێژەی پێبدات.

رژێمی مەزهەبسالاری ئێران، دوای رژێمی نەتەوەسالاری شا، مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی بەبناغەی سیاسی-ئایدیۆلۆژی خۆی کرد. لەبەر ئەمە بونی ئەم شوناسە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بەلوچەکانی خستە دەرەوەی بازنەی کایەکانی حوکمەوە.

بەلوچەکان کە بەزۆری سوننەن، خۆیان لەم نەزمە نوێیەش بە بێگانە دیت. بۆیە خۆیان کێشایەوە. ئەمەش بێمتمانەییەکی قولّی لەنێوان بەلوچەکان‌و حکومەتدا هێنایەکایەوە.

دیارە سیاسەتی تەبعیزو فەرقدانانی ئابوری حکومەت لە بەلوچستان دوو هەندەیتر ئەم بێمتمانەییەی پەرەپێدا. ئاراستەی نادادگەرانەی ئابوری حوکم لە بەلوچستان ئەم رەوشەی بەرەو دروستبونی قەیران پالّپێوەنا.

## هەولّدان بۆ تواندنەوەی زمان

زمانی بەلوچی زمانێکە کە لەبەر سیاسەتی تەریکخستنی ئاشکرا بەرەو نەمان دەچێت. بەکارهێنانی زمانی بەلوچی لەنێوەندی کۆمەلاّیەتی‌و رەسمیدا قەدەغەکراوە.

چەندین جار چالاکانی کولتوری بەلوچ هەولّیانداوە مۆلّەتی دەرکردنی بلاّوکراوە، رۆژنامەو گۆڤاری بەلوچی وەربگرن، کەچی نەك مۆلّەتیان پێنەدراوە، بەلّکو ئەم هەولّەیان وەك ئامرازێك بۆ ناسینەوەی دلسۆزانی زمان‌و شوناسنامەی بەلوچ بەکارهێناوە.

ئەو تێکۆشەرو چالاکانە یەکە-یەکەو دوابەدوای یەك دەسگیرکراون. دواتر حوکمدراونو لە نێوەندەکانی بەلوچنشین دورخراونەتەوە. دەزگای دەسەلات تەنها بەو مەرجە رێگەی بەچاپی بلاوکراوەی بەلوچزمان داوە کە زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ زمانی فارسی تەرخانبکرێت. لە پاشکۆکاندا یەك- دو لاپەڕەیەك بە زمانی بەلوچی چاپکران. بۆ نمونە بلاوکراوەکانی "روزدرا"و "مەرزی پڕگەوهەر" بەزۆری بە زمانی فارسی چاپکراون، لە پاشکۆکانیاندا تارادەیەك جێیان بۆ زمانی بەلوچی کردبوەوە. بەداخەوە ئێستا ئەم رۆژنامانەش داخراونو رۆژنامەنوسەکانیش دەسگیرکراون یاخود روانراون.

## جیاوازیی ئابوری- کۆمەلایەتی

مەحمود خەلعەتبەری کە لەرابردوا پۆستی سەرۆکی "رێکخراوی پەیمانی ناوەند- سەنتۆ" ی وەئەستۆ بووە، لە گفتوگۆیەك لەگەڵ سلیگ. س. هەریسۆندا دەڵێت:" ئێمە لەپەیمانی سەنتۆدا هەمیشە پێمانوابوە کەبەلوچەکان دواجار بەهاوکاری سۆڤیەت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکەوەدەنێن، بۆیە بەردەوام هەوڵماندداوە کە ئەم ناوچەیە دوابخەین، پێشینەخەینو بەپاشکەوتویی بیهێڵینەوەو نەهێڵین یەکگرتو بن".

ئەم سیاسەتە جێبەجێکرا. ئیتر وای لێهات بەلوچستان ئەوەندە دواکەوتوو هەژار بو کە بووە هەژارترین پارێزگای ئێران. لەسالانی کۆتایی حکومەتی پەهلەویدا بەلوچستان پلەی بێبەشترین پارێزگای ئێرانی داگیرکردوە!

لەودەمەدا ئەم سیاسەتە وایکرد کەدەرامەتی تاك لەبەلوچستان بۆ کەمتر لە دەرامەتی تاکی دێنشینەکانی ئێران دابەزێت واتە گەیشتە ٩٧٥$. ئەمە لەکاتێکدایە کە دەرامەتی تاکی دێنشینی ئێران لەوکاتەدا ٢٢٠٠$ بوە. هەورەها دابەزی بۆ کەمتر لە پێنج- یەکی دەرامەتی نەتەوەیی.

ئەم تەبعیزە ئێستاشی لەتەك بێت بەردەوامە. خەلکی بەلوچستان لەبواری ئابوریدا پەراوێزخران، لەروی سیاسیشەوە تەریکخرانو لە نێوەندەکانی بڕیاردانی سیاسیدا هیچ بوارێکیان پێنەدرا.

له سەردەمی شادا لەدەزگای پارێزگادا تەنها دو کەسی بەلوچ پۆستیان هەبوە. ئەویش لە نزمترین ئاستی پارێزگادا بە کاری ئیجرائیەوە خەریکبون. ئەم سیاسەتی پەراوێزخستنە لەدەمی رژێمی دینسالاری هەنوکەشدا بەردەوامە. بۆ نمونە کاتێك خاتەمی لەگەڵ شاندێکی پایەبەرزدا سەردانی بەلوچستانی کرد، تەنها یەك بەلوچی لەگەڵ بو، ئەویش نوێنەری سیستانو بەلوچستان بوو لە پارلەمان.

راستیەکەی حکومەت نەبونی بەلوچەکان لە دەزگاکانی حوکمدا بۆ ناکارامەییو کەم خوێندەواربونی بەلوچەکان دەگێڕێتەوە! ئەمە لەکاتێکادایە کە راستییەکە وا نییە. لەراستیدا سیستەمی قانونی ئێران بەپێی ئەو پێناسەکردنەی کە بۆ هاوولاتیانی ئێرانی هەیەتی، ئەولەویەت بە شیعەمەزهەبو فارسزمانەکان دەدات. ئەمەش وایکردوە کە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی بەلوچەکان تەریکبخرێن. هەورەها وەك ناهاوولاتیو بێگانە یاخود ناخۆمانی سەیربکرێن. بۆیە لە تەرجەمەکردنی پراکتیکی ئەم یاسایەدا بەلوچ بەهەموو شێوەیەك پەراوێز دەخرێت.

بۆ نمونە بوونی ئەم یاسایانە وادەکەن کە بەهیچ کلۆجێك رێگە بۆ خوێندکارانی بەلوچ نەکرێتەوە هەتاوەکو دوای خوێندن لە بازاڕی کارو لە نێوەندەکانی حکومەتدا بەشداربن. بونی ئەم هەمو تەبعیزەی کە پاشخانی زەینیو یاساییان هەیە، وای لە هاوولاتیانی بەلوچ کردوە کە هەست بەوە بکەن کە لە سیستەمێکی ئاپارتایدی وادا دەژین کە دەیانکاتە هاوولاتی پلە سێ.

### هەوڵی تواندنەوەو لەخۆگرتن

حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئێران هەمیشە هەوڵیان ئەوە بوە هەتاوەکو پێش بە گەشەکردنی نفوسی بەلوچ بگرن. ئەوانە لەرێی سیاسەتی کۆنترۆڵی دانیشتوانەوە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەلوچەکان بۆ ئاستی کەمینەیەکی گەشەنەکردو دابەزێنن.

هەروەها بەردەوام هەوڵی جێگۆرکێ پێکـردن بـە دانیشـتوان دەدەنو گـەلێك بەلوچیان لە گوندەکانیان گواستۆتەوە. جگە لەوەش گەلێك ئاسانکاری بۆ ئـەوە دەکەن کە هەتاوەکو زەویە بەپیتەکان بـە کارمەنـدو ئەفسـەرە سـەربازیەکانی غەیرە بەلوچ بدەن بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێببن.

جگە لەمەش حکومەت بـەرەسمی زەوی لـەناو بـەلوچو غەیرەبەلوچـە شـیعە مەزهەبەکاندا دابەشدەکات بۆ ئـەوەی پـێش بـە پەرەسـەندنی نفـوسو توانـای دارایی بەلوچە سوننەکان بگرێت.

بەلوچەکان لە گەلێك لە ناوچەکانی باشـوری خۆرهـەلاتی ئێرانـدا خەریکـە شوناسی خۆیان لەدەستدەدەن. بۆ نمونە شـوێنی وەکـو بەندەرعـەباس، کرمـانو سیستان کە پێشتر بەلوچ بون، وا ئێستا شوناسیان لەدەستداوەو بـەرەو توانـەوە دەڕۆن. بەلوچەکان ئێستا لەم ناوچانە بەتایبـەت شـاری زاهیـدان خەریکـە بـە کەمینە دەبن!

## کەرەستە بەنگیەکان

بەرلەوەی بەلوچستان ببێتـە بەشـێکی ئێـران، ئینگلیزەکـان ئـالودەبون بـە بەنگەمەنی بەتایبەت تلیاکیان پەرەپێدا بوو. سەرباری ئەمە تەنها هەندێك لـە سەرۆك خێڵەکان بەمە ئالودەبوبون. ئەویش تەنها لەناوچـەی سیسـتاندا ئەمـە بینراوە.

مەغرورەدین مەهدەوی لەلێکۆڵینەوەی خۆی لەمەڕ ڕەوشـی خوێنـدەواری لـە بەلوچستان، کرمانو هورمزگان، دەڵێ لە ١٩٦٠دا بەکارهێنانی بەنگەمەنی لە بەلوچستان یەکجار سنورداربوە. تەنانەت بۆ بەشێك لە خەڵکی نەناسراو بوە.

دوای روخانی پەهلەویو سەرکەوتنی کۆمـاری ئیسـلامی، بەپەلـە کەرەسـتە بەنگیەکان پەرەیان سەندوەو بەتایبەت هیرۆین بەرفروان بوە. تەنانەت لە شوێنە بومیەکانیشدا بەکارهێنراوە.

هەنـدێك لـە کاربەدەسـتان بـۆ ئـەوەی بەپەلـە دەوڵەمەنـد بـبن، پێگـەی جوگرافیایی ئەم ناوچەیەیان قۆستەوە. چونکە لە ئەفغانستان تلیاك دەچێنرێتو

له پاکستانیش هێرۆیین بەرهەمدەهێنرێت. بەلوچستانیش دراوسێی ئەم دو وڵاتەیە. بۆیە بەپەلە ئەم بەڵا رەشەیان لەم ناوچەیەدا پەرەپێداو وەیشومەیەکی تازەیان توشی دانیشتوانی بەلوچ کرد.

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتێکی لە ساڵی ١٩٩١دا ئاماژە بەوە دەکات کە پرسی سیاسیو بەنگەمەنی تێکەڵدەکرێن" پێدەچێ لە ئێران پرۆسەی قەلاچۆکردنی بەنگەمەنیو تێکۆشەرانی سیاسی بەئەنقەست ئامێتەی یەك بکرێن، ئەمەش لێك هەڵاواردنی زیندانیانی سیاسیو ناسیاسی دژوار دەکات".

حکومەت روبەروبونەوەی باندەکانی قاچاخی بەنگەمەنیو گروپە چەکدارە سیاسیەکانی بەلوچی وا تێك ئاڵاندوە کە کەس نازانێ کێ سیاسیەو کێ قاچاخفرۆش. ئەمەش پرۆسە رزگاریخوازیەکەی ئەو ناوچەیەی شێواندوە. واتە مرۆڤ روبەروی پرۆسەیەکی شێواندنی سیستەماتیکی دەبێتەوە.

بۆیە تێکۆشەرانی بەلوچ بەناوی قاچاخفرۆشی بەنگەمەنی کتوپڕ لەداردەدرێن بەشێوەیەك کە بەشێکیان بێ هیچ پرۆسەیەکی دادوەری لەسێدارە دەدرێن!

## بنیاتگەرایی ئیسلامیو دراوسێکان

لەروی مێژوییەوە بەلوچەکان قەت بۆ زەردەشتێتیو ئیسلام ئەرجەحەتیان دانەناوەو قەت دەماگرژو دەمارگیر نەبون. بەزۆری بە بەهاو نەریتە میللیە لەمێژینەییەکەی خۆیانەوە پابەندبون. هەمو بەڵگەکان ئەوە نیشاندەدەن کە بەلوچەکان خاوەن نەریتی تۆلێرانسو پێکەوەگونجان بون.

کاتێك لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئینگلیزەکان بۆ یەکەمجار هاتنە بەلوچستان، لە خەڵکیان دەپرسی گەلۆ چۆن پرسە مەدەنیەکانیان چارەسەردەکەن، ئەوانیش لەوەڵامدا دەڵێن بەپێی "رەواج" واتە قانونی عورفی باوی خۆیان چارەسەرەی دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا بوە کە زۆربەی خەڵکانی دەوروبەریان بەگوێرەی شەریعەت رەفتاریان کردوە.

ئەی- ئۆلیڤەر کە ئەفسەریکی بریتانیایی بوە لە کتێبەکەی خۆیدا دەنوسێت:" بەلوچەکان باوەڕێکی ئەوتۆیان بە خودا نییەو خەباسەتیش لەناو ئەوانەدا کاریگەریەکی وای نییە".

بەهەرحاڵ نەریتی سیکۆلاریزم لەناو بەلوچەکاندا بەهۆی ئەو وەرچەرخانەی کە لەناو خەڵکانی دراوسێیاندا رویداوە ئیتر برەوی نەماوە. دراوسێکانی بەلوچ واتە پەنجابیەکان، پەشتوەکانو ئێرانیەکان بەتوندی بەدینەوە گرتویانەو ئەمەش کاری لەسەر بەلوچەکان کردوە. چونکە بەلوچەکان لەنێوان ئێران، پاکستانو ئەفغانستاندا دابەشکراون.

حکومەتی ئێران رابەرانی میانەڕەوی ئایینی بەلوچ کە ئیعتبارێکی قەومیشیان هەیە، بەرکەنار دەکات. بۆنمونە عەبدولمەلیك مەلازادەو مەولەوی ئەحمەدی سەیدی بەرکەنار کرد. مەلازادە لە مارسی ساڵی ١٩٩٦ ئەوکاتەی کە لە کەراچی قۆناغی دورخرانەوەی خۆی تێدەپەڕاند، تیرۆرکرا.

لە فێبریوەری ١٩٩٤یشدا تەرمی مەولەوی ئەحمەدی سەید دوای ئەوەی تێر ئەشکەنجە درابوو بە لەت-لەتکراوی لە کەلاوەیەکی بەندەرعەباسدا دۆزرایەوە.

بۆشایی رابەرانی دینی میانەڕەوو بۆشایی بەدیهاتو، بۆتە هۆی گەشەکردنی ئەو گروپانەی کە بەناوی"تەبلیغی جەماعەت"ەوە کاردەکەن. ئەمەش بەنۆرەی خۆی بۆتە هۆکاری پەرەسەندنی بنیاتگەرایی ئیسلامی جۆری سوننەگەراکەی. لە ئەنجامی ئەمەدا وەرگۆڕانێکی بنیاتگەرایانەی ئیسلامی هاتۆتەکایەوە.

پێدەچێ حکومەت بەشێوەی پاڵەکیو ناراستەوخۆ بواری کارکردنی گروپە توندڕەوەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی نەهێڵێ گروپە نەتەوەییە لیبراڵو دیموکراتەکان گەشەبکەن. ئەم سیاسەتە بەنۆبەی خۆی سیاسەتی میانەڕەوی لیبراڵو دیموکراتیانە لە گشت ولاتدا لاوازدەکات.

لەسەرەتای ئەمساڵدا پێکدادانێکی زۆر لەنێوان هێزە ئەمنیەکانی حکومەتو هێزەکانی بەرەنگاری بەلوچدا هاتەکایەوە. بۆیە هێزەکانی بەرەنگاری زەبری توندیان لەناوجەرگەی هێزەکانی حکومەت وەشاند.

دەسبەجێ دەزگاکانی سەربە حکومەت هەوڵی چەواشەکردنی ئەم پێکدادانانەیان دا. ئەوان وای دەنوێنن گوایە بەلوچە سوننەکان شیعەکان

دەكوژن، بۆیە حكومەتی شیعەش دەیەوێ شیعەكان بپارێزێت. ئەمەیە هۆی پێكدادانەكان!

بەلوچەكان ئەمە بە چەواشەكردنی راستیەكان دەزانن. ئەوان دەڵێن سەرباری ئەوەی دەزگاكانی حكومەت چەندین رابەری ئایینی بەلوچی سونەیان كوشتوە، كەچی تائێستا ئەوان نەیانهێشتوە ئەمە وەك كێشمەكێشی نێوان شیعە- سوننە لێكبدرێتەوە.

بزوتنەوەی مقاوەمەی بەلوچ هەرگیز تۆمەتی چەوساندنەوەیان وەپاڵ بەلوچە شیعەكان نەخستوەو حكومەت بە سەرچاوەی ستەم، خۆسەریو سەركوت دەزانن. سەرباری ئەمە حكومەتیش گروپە سیاسیەكانی بەلوچ بە وابەستەبون بە وڵاتانی خۆرئاوایی بەتایبەت ئەمریكاو ئینگلتەرە تۆمەتبار دەكات.

جگە لەمانەش هەندێك لە كاربەدەستە رەسمیەكان بزوتنەوەی بەرەنگاری بەلوچ بە هاوبەندی تاڵیبان تۆمەتبار دەكەن. لەگەڵ ئەمەشدا چەند گروپێكی توندڕەوی مەزهەبی لەپاكستانو ئەفغانستان هەوڵی ئەوەیانداوە كە ئەم دۆخە بقۆزنەوەو بزوتنەوەی بەرەنگاری بەلوچ لەدژی ركابەرەكەیان لە تاران بەكاربهێنن. بەڵام لەمەیاندا سەركەوتو نەبون، چونكە رابەرانی ئایینیو سیاسی بەلوچ دەیانەوێ لە گروپە توندڕەوەكان دوربكەونەوە.

حكومەتی تاران چەندین پادگانی(سەربازگە) سەربازی لە بەلوچستان جێگیركردووە. ئەم دۆخەش وێنەیەكی جەنگی بەناوچەكە بەخشیوە. لە سەردەمی رژێمی پەهلەویشدا ناوەند تەنها بەهۆی ئەم پادگانانەوە ئۆتۆریتەی خۆی لەناوچەكە دەپاراست.

سەرباری ئەوەی ماوەی واش هەبوە كە بزاڤی بەرەنگاری ئەوەندە چالاك نەبوە، دیسان ئەو پادگانانە پارێزراون. لەدەمی حكومەتی ئیسلامیشدا میلیتاریزم دوئەوەندەیتر پەرەیپێدراوە. ئەم میلیتاریزمە بێ رەچاوكردنی مافەكانی مرۆڤ بەردەوام بوە. ئەودەمەی حكومەتی ئیسلامی حوكمی بەدەستەوە گرتوە، پرۆسەی میلیتاریزم دیسان درێژەی پێدراوە.

بێگومان ملیتاریزمو پیشاندانی هێز، نارەزایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە بەردەوامبونی میلیتاریزم بۆتە هۆی ئەوەی كە بزاڤی بەرەنگاری بەلوچستانیش بەهێزەوە سەرهەڵ بدات. بەتایبەت لەم یەك-دوساڵەی دواییدا ئەم دۆخە

بەتوندی سەریهەڵداوە. بزوتنەوەی بەرەنگاری چەکدارانە لە بەلوچستانی خۆرئاوا، دیاردەیەکی بومیو لۆکالیە کە لەماوەی ٧٠ ساڵی رابردودا بەردەوام لەدژی هەمو حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئێران بەردەوامبووە.

بەداخەوە تاران لەباتی ئەوەی لەرێی ئەقلانیەوە کۆتایی بەم پرسە بهێنێو لە قولایی خواستەکانی گەلی بەلوچ بگات، هەمیشە بەچاوێکی ئەمنیەوە لەم پرسە دەڕوانێ، بۆیە بەردەوام بونی بزوتنەوەی بەرەنگاری بەلوچستان بە نۆکەری ئەمریکاو ئینگلتەرە تۆمەتبار دەکات.

## خەباتی نەتەوەییو گروپە سیاسیەکانی بەلوچ

دوای جەنگی سارد، هەلومەرج بۆ گەشەکردنی خەباتی رزگاری نەتەوەیی گەشەیکرد. بۆیە گەلێك لە چالاکانو تێکۆشەرانی بەلوچ ئەم دۆخەیان خوێندەوە. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٧دا کۆمەڵێك لە تێکۆشەران لە ستۆکهۆڵم کۆبونەوە بۆ ئەوەی حزبێکی سیاسی پێکەوە بنێن.

ئەم گروپە هەوڵیدا هەتاوەکو بیروبۆچونەکانی خۆی لە گۆڤاری "TRAN" دەربخاتو گوتارێکی نویێ بخاتەڕو. هەوڵەکانی ئەم گروپە لە ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣دا "پارتی گەلی بەلوچستان"ی لێکەوتەوە کە بە BPP ناسراوە. ئەم حزبە یەکەم حزبی سیاسی بەلوچە کە پێکهاتوە.

ئەم گروپە چالاکانی " بزوتنەوەی میللی بەلوچستان"و سازمانی دیموکراتی خەڵکی بەلوچستانو گەلێك لە کادرە بەلوچەکانی ناو فیداییانی خەڵكو موجاهیدینی خەڵکی لەخۆ گرتوە. ئەمانە دەستیان داوەتە یەك بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەلوچستان لەچوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتی فیدراڵ بهێننەکایەوە.

هەر لەسەرەتای داگیرکرانیەوە خەڵکی بەلوچستان بۆ ئازادی خۆی روی لە بەرەنگاری چەکدارانە کردوە. ئەمەش وایکردوە کە ئەم بزاڤە رابەرییەکی کاراو بەئەزمونی نەبێت. ئێستا BPP دەیەوێ ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە.

بزوتنەوەی بەرەنگاری بەلوچ هەر لە دەسپێکەوە روی لە میتۆدی خەباتی ژێرزەمینی کردوە. ئێستا BPP تێدەکۆشێ کە لەپاڵ خەباتی چەکدارانەدا بەرەنگاری مەدەنیش پێشبخات. ئەم گروپە لە بواری نەتەوەییو نێونەتەوەییەوە

پەرەی بە خەبات داوە. هەروەها پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ گروپەکانی بەرەنگاری لە ئێران دروستکردوە.

لەروی راگەیاندنیشەوە ئەم گروپە کەموکورتیەکانی رابردوی پڕکردۆتەوە. لە چوار مانگی رابردودا بۆ یەکەمجار لە مێژوی بەلوچستاندا لە چوار پارێزگای کرمان، بەلوچستان، هورمزگانو بەلوچستان خەباتێکی هاوشێوەو هەماهەنگ بەرێوەچوە.

لە ئەنجامی خەباتی BPP دا بەلوچەکانیش بونەتە ئەندامی رێکخراوی گەلە بێ دەوڵەتەکان.

لەرێی ئەم رێکخراوەوە BPP توانیویەتی رای گشتی جیهانیو نەتەوە یەکگرتوەکانو یەکێتیی ئەوروپا لە ستەمو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بەلوچستان بە جیهان بگەیەنێت. لە ١٩ی جەنیوەری ٢٠٠٤و ١٨ی نۆڤەمبەری ئەوساڵەدا لە پارلەمانەکانی سویدو دانیمارك پرسی بەلوچستانی خستۆتە گفتوگۆوە. هەروەها لە سیمپۆزیەمی ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەمەریکاش بەشداریکردوە.

BPP لە ١٦ی جونی ٢٠٠٦ لە پارلەمانی فەرەنسا، چواری ئۆگۆست لە پارلەمانی بەرلینو ٢٨ی سێپەتەرمبەری ٢٠٠٦ لە پارلەمانی کەنەدادا ئامادەبوەو لەسەر پرسی بەلوچ زانیاری داوە.

BPP یەکێك لە ئەندامانی هەرەچالاكو دامەزرێنەری "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە". ئەم کۆنگرەیە نوێنەری بەشێك لە گروپە سیاسیەکانی کورد، بەلوچ، عەرەب، تورکو تورکمانەو بۆ پێکەوەنانی ئێرانێکی فیدراڵ تێدەکۆشێت.